ڕێبەری هەشتەم – وانەی ٤٨

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) بینینی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (بینین ١٩- ٢٢).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچونەوەی ئایەتەکانی لەبەرکردن لە ئینجیلی یۆحەنا

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ ئەو ئایەتانەی لەبەرتان کردوە لە ئینجیلی یۆحەنا .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) پوختەو پێداچوونەوەی ئینجیلی یۆحەنا

بۆ پوختەی سیپارەیەك یان بەشێکی کتێبی پیرۆز دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە :

أ. کێ نوسەری ئەم بەشەیە و کەی و لە کوێ نوسی ، وە مەبەستی چی بوو لە نوسینەوەی ئەم ئینجیلە یان ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز ؟

ب. چۆن دەکرێ سیپارەکە دابەش بکرێ ، ناونیشانی گونجاو کامەیە بۆ سیپارەکە لەهەر بەشێکدا ؟

ج. گرنگتر دەرئەنجامەکان و پوختەی بیروباوەڕ ئەوەی لەخۆی گرتوە بەشەکەو سیپارەکە پێشکەشی کردوە کامەیە ؟

د. گرنگترین لایەنی کردارەکی کە دەکرێ لە سیپارەکەوە فێر بین ؟

هـ . ئەو ڕۆڵەی سیپارەکە دەیبینێ لەم سەردەمەی ئێستامان و کۆمەڵگەو وڵاتماندا ؟

أ. نوسەری ئینجیلی یۆحەنا و مێژووی نوسینی و شوێنی نوسینی و مەبەست لە نوسینی .

نوسەر ناوی خۆی دەبات بەو قوتابیەی عیسا خۆشی دەویست . ئەویش یۆحەنای نێردراوە . یۆحەنا بەوپێیەی قوتابی عیسای مەسیحەو شایەتحاڵ بوە لە بینین و بیستن ئینجا ئیجنیلەکەی نوسیوە . بەپێی ئیریناوس یەکێك لە پیرانی کڵێسای یەکەمین نزیکەی ١٣٠- ٢٠٢ ز. یۆحەنا ئەو ئینجیلەی نوسیوە کە هێشتا لە شاری ئەفەسۆس بوە ئەوەی ئێستا دەکەوێتە وڵاتی تورکیا . یۆحەنا لەنێوان ساڵەکانی ٧٠ – ٩٨ ز ئینجیلەکەی نوسیوە ، بەڵام دڵنیا نین ئایا پێش یان دوای دورخستنەوەی یۆحەنا بۆ تاراوگە بۆ پەتمۆس نوسیویەتیەوە ، یان پێش نوسینەوەی بینین ئینجیلەکەی نوسیوە یان دوای .

٢. مەبەست لە نوسینەوەی ئینجیلی یۆحەنا .

یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١ ؛ کۆلۆسی ١: ١٥ ؛ کۆلۆسی ٢: ٩ ؛ عیبرانیەکان ١: ٣ ؛ فیلیپی ٢: ٥- ٨ ؛ یۆحەنا ١: ١ ، ١٨ ؛ یۆحەنا ١٤: ٩- ١٠ .

ب. دابەشکردنی ئینجیلی یۆحەناو ناونیشانی بەشەکانی

١. ناونیسانی ئینجیلی یۆحەنا .

دەمەوێ ئەم ناونیشانەی خوارەوە بدەم بە ئینجیلی یۆحەنا .

" عیسا مەسیایە مەسیحەکەیە وشەی خودا ، کوڕی خودا ."

٢. دابەشکردنی ئینجیلی یۆحەنا .

دەکرێ ئینجیلی یۆحەنا دابش بێت بەسەر دوو بەشدا : خزمەتی ئاشکرای عیسا و خزمەتی تایبەتی عیسا .

أ. خزمەتی ئاشکاری عیسا .

بەشی ١- ١٢ وە بە ئاماژە کردن بۆ دوو جەژن لە ئۆرشالیم ، دەکرێ ئەم بەشەش دابەش بکرێ بەسەر سێ بەشی بچوکدا : * یۆحەنا ١- ٦ ، ئەو ڕوداوانەی پێش جەژنی کەپرەشینە کەوتن (٧:١) * یۆحەنا ٧- ١٠ ئەو ڕوداوانەی دوای جەژنی کەپرەشینە ڕویاندا . * یۆحەنا ١٠: ٤٠- ١٢: ٥٠ ئەو ڕوداوانەی دوای نوێکردنەوەی پەرستگا ڕویاندا (١٠: ٢٢) .

ب. خزمەتی تایبەتی عیسا . بەشەکانی ١٣- ٢١ ئەم بەشەش دەکرێ دابەش بێت بەسەر چوار بەشی بچوکدا : * یۆحەنا ١٣ ، باسی ڕوداوی شێوی کۆتایی دەکات . * یۆحەنا ١٤: ١٧ باسی گفتوگۆی عیسای مەسیح و نوێژەکەی لە شەوی شێوی کۆتاییدا دەکات . * یۆحەنا ١٨- ١٩ باسی دەستگیرکردنی عیسای مەسیح و لێکۆڵینەوە لەگەڵیداو دادگایی کردنی و لەخاچدانی دەکات . * یۆحەنا ٢٠- ٢١ باسی هەستانەوەی عیسای مەسیح و دەرکەوتنەکانی دوای هەستانەوەی دەکات .

ج. دەرئەنجامەکان و پوختەی بیروباوەڕ لە ئینجیلی یۆحەنادا

یۆحەنا چەند بیروبڕوایەکی گرنگی باوەڕ بە مەسیح فێردەکات وەکو :

خودای باوك عیسای مەسیحی نارد (یۆحەنا ٣: ١٧ ، ٣٤ ــ ٣٥ ؛ ٤: ٣٤ ؛ ٥: ٢٣- ٢٤ ؛ ٦: ٢٩ ، ٣٨ ، ٣٩ ، ٤٤؛ ١٠: ٣٦ ؛ ١٢: ٤٤- ٤٥؛ ١٣: ٢٠؛ ١٧: ٣، ٢١، ٢٣) خودای باوك دەستپێشخەری کرد لە هاتنەدی ڕزگاری .

عیسای مەسیح خودایە (یۆحەنا ١: ١، ١٨؛ ٣: ٣١ ، ٣٤- ٣٥ ؛ ٥: ١٧- ٢٣ ؛ ٦: ٤٦ ؛ ٨: ١٩، ٢٣، ٢٤ ، ٥٨؛ ١٠: ٣٠؛ ١٢: ٤٤- ٤٥ ؛ ١٣: ٣ ، ٢٠ ؛ ١٤: ٧، ٩ ، ١٠؛ ١٥: ٢٣؛ ١٧: ٢، ٢٤ ؛ ٢٠: ٢٨) . خودای کوڕ سایەنی ڕزگاریيەو رزگاری دەبەخشێت .
ڕۆحی پیرۆز دڵنەوایی کەرو داکۆکیکارە – نوێنەری عیسای مەسیحە (یۆحەنا ٧: ٣٧- ٣٩ ؛ ١٤: ١٦، ١٧ ، ٢٦؛ ١٥: ٢٦؛ ١٦: ١٣- ١٥) .
خودای ڕۆح ڕزگاریەکە جێبەجێ دەکات و تەواوی دەکات لە ژیانی مرۆڤدا .

نوێبوونەوە / لەدایکبونەوەی نوێ دیاری خودایەو مەرجێکی پێش وەخت و پێویستە بۆ ڕزگاری (یۆحەنا ١: ١٣ ؛ ٣: ٣- ٨ ؛ ٦: ٤٤، ٦٥؛ ١٢: ٣٢) .
باوەڕ بەرپرسیارێتی مرۆڤەو مەرجێکی پێش وەخت و پێوسیتە بۆ ڕزگاری (یۆحەنا ١: ١٢ ؛ ٣: ١٦ ، ١٨ ، ٣٦ ؛ ٥: ٢٤؛ ٦: ٢٨- ٢٩ ، ٣٥ ، ٤٠ ؛ ٧: ٣٨- ٣٩ ؛ ٨: ٢٤ ؛ ١٢: ٣٦، ٤٤ ؛ ١٤: ١؛ ٢٠: ٢٩، ٣١) .
ژیانی نوێ گوزارشێکە لە ڕزگاری (یۆحەنا ٣: ١٦) وە ژیانی خۆشەویستی نوێ (یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥) ، وە ژیانی هیوای نوێ (یۆحەنا ١٤: ١٠ ٣) .

پەرجوەکان وەك نیشانەن چونکە ئاماژەن بۆ ڕاستی ڕزگاری ڕۆحی .
پەرجوی زۆرکردنی نان (یۆحەنا ٦: ١- ١٥) نیشانەیەکە بۆ عیسای مەسیح بوو کە (نانی ژیانە) (یۆحەنا ٦: ٣٥) هەستانەوەی لەعازەر لە مردن (یۆحەنا ١١: ٣٨- ٤٧) نیشانەیەکە بۆ عیسای مەسیح کە هەستانەو ژیانە (یۆحەنا ١١: ٢٥- ٢٦) ئامانج لێی بەهێزکردنی باوەڕە بە عیسای مەسیح (یۆحەنا ١٢: ٣٧ ؛ ٢٠: ٣٠- ٣١) .

لەم وانەیەدا یەك دەرئەنجامی بیروباوەڕ لەخۆ دەگرێ ئەویش فێرکردنی ئینجیلی یۆحەنایە لەبارەی عیسای مەسیح کە خودایە .

١. عیسای مەسیح وشەی خودایە . یۆحەنا ١: ١ ؛ ٥: ١٩ یۆحەنا ٧: ١٦ ؛ ٨: ٢٨ ؛ ١٢: ٤٩- ٥٠ ؛ ١٤: ١٠- ٢٤ یۆحەنا ٧: ٢٩؛ ٨: ١٤ ، ٥٤- ٥٥ ؛ ١٠: ١٥ ؛ ١٧: ٢٥ .وشەکە گوزارشە لە بیر ئاشکرا دەبێت لە بیری وتەدەر بۆ ئەوانی تر . ئیدی بەم شێوەیە ، عیسای مەسیح بە وشەکە لە یۆنانیدا لۆگۆس چونکە گوزارشە لە بیری خودا لە جەوهەریدا و ڕاگەیاندنی خودا بۆ مرۆڤ .

٢. عیسای مەسیح کوڕی خودایە

دەستەواژەی کوڕی خودا ئاماژە ناکات بە وێنەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن وەك کوڕێکی جەستەیی خودا . گوزارش کردن لە کوڕی خودا لەبارەی بیری خودائ نەبینراو ئەوەی سروشتی مرۆڤانەی وەرگرت و هاتە جیهان و مێژووی مرۆڤەوە بە عیسای مەسیح و لە ڕێگەیەوە .

کتێبی پیرۆز باسی چوار جۆری کوڕ دەکات ، کوڕی جەستەیی ، کوڕی ڕۆحی ، کوڕی هێمادار ، کوڕی تاقانە ، بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی دوەم پاشکۆی ١ .

٣. عیسای مەسیح ژیانی لەخۆیدا هەیە . یۆحەنا ٥: ٢٦ ؛ ١یۆحەنا ١: ٢ .

٤. عیسای مەسیح ژیان و ڕوناکیە . یۆحەنا ١: ٤- ٩ ؛ یۆحەنا ٥: ٢١ ؛ ١٤: ٦ ؛ مەتا ١١: ٢٧ .

٥. عیسای مەسیح یەکە لەگەڵ خودای باوك . یۆحەنا ٥: ١٧- ٢٣

أ. عیسای مەسیح ووتی ئەو یەکسانە لەگەڵ خودای باوك لە جەوهەردا . یۆحەنا ٥: ١٧- ١٨ .

هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ١: ٣؛ ١: ١٧ ؛ ئیشایا ٤٣: ١٠- ١١ ؛ لۆقا ١٩: ١٠ ؛ یۆحەنا ١٠: ٩ ؛ یۆحەنا ١٠: ٢٨- ٣١ .

ب. عیسا ووتی ئەو یەکسانە لەگەڵ خودا لە کارەکاندا (یۆحەنا ٥: ١٩- ٢٢) .

ج. عیسای مەسیح فەرمووی ئەو یەکسانە لەگەڵ خودای باوك لە ڕێزدا (یۆحەنا ٥: ٢٣) . هەروەها بڕوانە ئیشایا ٤٥: ٢١- ٢٣ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١ ؛ فیلیپی ٢: ١١ ؛ کردار ٤: ١٢ . ئوقنومەکان

د. عیسا ووتی ئەو یەکە لەگەڵ خودای باوك (یۆحەنا ١٠: ٣٠- ٣٣) . (١تیمۆساوس ٦: ١٥- ١٦) .

(فیلیپی ٢: ٥- ١١) . (١کۆرنسۆس ٦: ١٩- ٢٠ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٢٢) .

مەتا ٦: ٩ ؛ ئەفەسۆس ٣: ١٤- ١٥ باوەڕداران نوێژ دەکەن بۆ خودا بە خەسڵەتی باوك .

باوەڕداران خودا دەناسن و دێن بۆلای لە ڕێگەی کوڕەوە ، وە دەژین بۆ شکۆدارکردنی خودای باوك (١تیمۆساوس ٢: ٥) . (تیمۆساوس ٢: ٦ ؛ ڕۆما ٣: ٢٤- ٢٥ ؛ ٥: ٩- ١٠) . (ئەفەسۆس ٣: ١٦) (٢کۆرنسۆس ٣: ١٨) هەروەها بڕوانە مەتا ٢٨: ١٩ ؛ ڕۆما ٨: ٩-١٠ ؛ ئەفەسۆس ٣؛ ١٤- ٢١ . یۆحەنا ١٠: ٣٠ زۆر گرنگە چونکە یەکێتی جەوهەری خودا لە ئوقنومەکاندا دڵنیا دەکاتەوە .

٦. عیسای مەسیح دوو سروشتی هەیە : خودای تەواوەتی و مرۆڤی تەواوەتی . یۆحەنا ١٤: ٢٨- ٢٩ . عیبرانیەکان ١: ٣ ؛ یۆحەنا ١٠: ٣٠ ؛ فیلیپی ٢: ٦ ؛ کۆلۆسی ٢: ٩ یۆحەنا ١٤: ٢٨ – ٢٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٨ ؛ فیلیپی ٢: ٧- ٨ .

د. وانەی کردارەکی لە ئینجیلی یۆحەنادا .

١. ئەو ڕاستیەی تایبەتە بە خوداوە . یۆحەنا ١: ١ ، ١٤ ، ١٨ ؛ یۆحەنا ١: ٥ ؛ ٣: ١٩ ؛ ٣: ١٦ ؛ ١یۆحەنا ٤: ٨- ٩ ؛ یۆەحنا ٦: ٣٥- ٤٦ .

٢. ئەو ڕاستیەی تایبەتە بە مرۆڤەوە . یۆحەنا ١: ١٠- ١١ ؛ یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ یۆحەنا ٣: ١٦- ١٨ ، ٣٦ . یۆحەنا ٩: ٣٩- ٤١ .

٣. ئەو ڕاستیەی تایبەتە بە عیسای مەسیحەوە .

یۆحەنا ١: ٢٩ ؛ یۆحەنا ٣: ١٤- ١٥ یۆحەنا ١٢: ٢٣- ٢٤ ؛ یۆحەنا ١٠: ٧- ١٠ .

٤. ئەو ڕاستیەی تایبەتە بە ڕزگاری . یۆحەنا ١: ١٢ ؛ بینین ٣: ٢٠ ؛ یۆحەنا ٣: ١٦- ١٨ یۆحەنا ٦: ٤٠ ؛ یۆحەنا ٨: ٥١ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣٧- ٤٦ .

٥. ئەو ڕاستیەی تایبەتە بە ژیانی نوێ لە مەسیح دا . یۆحنا ٥: ٢٤ ؛ یۆحەنا ١٠: ٢٧- ٢٨ ؛ یۆحەنا ١٥: ١- ١٧ ؛ یۆحەنا ١١: ٢٢٥- ٢٦ .

٦. مزگێنیدان . یۆحەنا ١: ٣٩ ، ٤٣ ، ٤٦ ؛ یۆحەنا ٤: ٣٥- ٣٨ .

٧. تەنها ڕێگا بۆلای خودا . مەتا ١٠: ٤٠ ؛ لۆقا ١٠: ١٦ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٣ ؛ یۆحەنا ٦: ٣٧، ٤٤ ؛ یۆحەنا ٨: ١٩ ؛ یۆحەنا ٨: ٤٢ ؛ ١٢: ٤٤ ؛ ١٢: ٤٧- ٥٠ ؛ ١٣: ٢٠ ؛ ١٤: ٩- ١٠ ؛ ١٤: ٢١، ٢٣ یۆحەنا ١٧: ٢، ٦ ، ٩ ؛ ١یۆحەنا ٢: ٢٣ ؛ ١یۆحەنا ٤: ١٥ . ئەوەی عیسای مەسیحی خۆش دەوێ خودای خۆش دەوێ ١یۆحەنا ٥: ١ . ئەوەی ناچەسپێ لە فێرکردنەکانی عیسای مەسیح و بەردەوام نابێت بژی بەپێی عیسای مەسیح ئەوە لەن خوداوە نیە (٢یۆحەنا ٩) .

هـ . گرنگی ئینجیلی یۆحەناو کاریگەری .

ئینجیلی یۆحەنا زۆر گرنگەو کاریگەریەکی مەزنی هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی لە ئەمڕۆماندا . ئینجیلی یۆحەنا بە شرۆڤەکانی بۆ ڕاستی و سروشتی عیسای مەسیح وکارەکانی دەناسرێتەوە ، وە چۆن دەکرێت خەڵکی پەیوەندی کەسێتی لەگەڵ خودا ببەستن ، ئەم ئینجیلە فێرمان دەکات کە ئەو پەیوەندی بەستنە کاری ڕۆحی پیرۆزە ، وە باوەڕدار چۆن بژین هەروەها فێرکردنی زۆر پێشکەش دەکات لەبارەی بنەماکانی مزگێنیدانەوە .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) پوختەی ئینجیلی یۆحەنا.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە پەیدابوون ٢٢، ٢٤، ٢٧ ، ٢٨ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن " بڕۆ ناو شانشینەوە " : یۆحەنا 3: 3، ٥ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .